(دەرسی چل)



## مامۆستا پەروین

مامۆستا پەروین خەڵکی شاری مەهابادە.
مامۆستاپەروین لە شارۆچکەی(ئیندرقاش)دا مامۆستای پۆلی پێنجەمی سەرەتاییە. شارۆچکەی ئیندرقاش ناوەندی مەڵبەندی شارویرانە.
شارویران مەڵبەندێکی مەزنی وەرزێرییە و لە تەنیشت شاری مەهاباد دا هەڵکەوتووە.
مامۆستا پەروین لە پۆلەکەی خۆیدا حەوت قوتابی ژیکەڵانەی هەیە.
قوتابییەکان، مامۆستاکەی خۆیان زۆر خۆش دەوێ و بە دیتنی ئەو دەگەشێنەوە.
مامۆستا پەروین خەمخۆری هەژارانە و یەکجار زۆر میهرەبان و ڕووخۆش و دەم بە پێکەنینە.